# "جەنگ" و "ڕاو" وەک سەرچاوەی عەشقی عیرفانی لە شیعرەکانی صافیدا بەپێی تیۆری مێتافۆڕی چەمکی

م. ی. ڕێناس خالص نادر [1]          پ. د. سیروان جەبار امین

**پوختە:**

"عەشق" چەمکێکی باو و زۆر بەکارهاتووە لە نێو دیوانی صافیدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "عەشق" سەرچاوەی سەرهەڵدان و دروست بوونی بونیادی هزری عیرفانییە، سافی وەک هەر شاعیرێکی تری خاوەن بوونیادی هزری عیرفانی هەوڵی ناساندی چەمکی"عەشق"ی داوە لە چوارچێوەی بونیادە هزرییەکەی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم چەمکە چەمکێی ئەبستراکتە و بونێکی فیزیکی نیە و نا بەرهەستە شاعیر نەیتوانیوە تەنها بە خودی چەمکی عەشق، عەشق بە ئێمە بناسێنێت، بۆیە شاعیر هەوڵی داوە لە ڕێگای چەمکانێکیتری بەرهەست بیناسێنێت، واتە لە ڕێگای مێتافۆڕی چەمکییەوە هاتووە ئەم چەمکەی بە ئێمە ناساندووە، هەریەک لە چەمکەکانی "جەنگ" و "ڕاو" یەکیکن لەو چەمکانەی کە شاعیر وەک بواری سەرچاوە بەکاریهێناون بۆ ناساندنی چەمکی ئامانج کە "عەشق"ـە، ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە تیۆری مێتافۆڕی چەمکی(Conceptual metaphor)، کە تیۆرێکی نوێیە لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن "جۆرج لاکوف" و "مارتن جانسۆن" خراوەتەڕوو، دیدێکی نوێی لە بارەی مێتافۆڕ هێنایە ئاراوە بەوەی کە جەوهەری مێتافۆڕی چەمکی بریتییە لە ناساندنی چەمکی ئامانج لە ڕێگای چەمکی سەرچاوە، هەوڵدەدات کار لەسەر هەردوو مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق جەنگە**" و "**عەشق ڕاوە**" لە شیعرەکانی صافیدا بکات و بە نموونەی شیعری بیانخاتەڕوو، بۆ

---

[1] زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب

بیکوژێ یا نەیکوژێ (صافی) فیداکاری دەکا (صافی: ١٥٥)

فیدات بێ رووحی شیرینم لە سەرچی وا پەرێشانی
بەڵایی وات بەسەر هێنام چ کەس دەرمانی نازانی (صافی: ٢٤٣)

ئەم دێڕە شیعرانەی سەرەوە، گوزارشتن لە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق جەنگە**"، لێرەدا چەمکی "**جەنگ**" بریتییە لە بواری سەرچاوە و چەمکی "**عەشق**" بریتییە لە بواری ئامانج، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| مێتافۆڕی چەمکی | بواری سەرچاوە | بواری ئامانج |
|---|---|---|
| عەشق جەنگە | جەنگ | عەشق |

خشتەی ژمارە (٥) بواری سەرچاوە و بواری ئامانجی مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق جەنگە**"

شاعیر ئەم مێتافۆڕە چەمکییەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی چەمکی "**جەنگ**" کە چەمکێکی ناسراو و ئەزموونکراوە، چەمکی "**عەشق**" کە چەمکێکی ئەبستراکتە بناسێنێت و ئاشنای بکات، ئەمەش بە پشتبەستن بەو پەیوەندی و هاوبەشە پێکهاتەییەی کە لە سیستەمی چەمکی ئاوەزی مرۆڤ لە نێوان چەمکی جەنگ و چەمکی عەشقدا هەیە. چەمکی "**جەنگ**" لە تێڕوانینی باوی خەڵکیدا بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر لە سەر بابەتێک، مەبەست لێی دەستکەوتنی ئامانجێکە یان دووبارە ڕێکخستنەوەی جوگرافیای سیاسی ناوچەیەکە، دەکرێت چەمکی جەنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیکەش بەکاربێت کە چەکداری نەبێت، وەک جەنگی دەرونی یان جەنگی ئابووری یان جەنگی

تەکنەلۆجی،...تاد(ڕزگار، ٢٠٢١)، هەروەها چەمکی جەنگ بە هۆی فرەی لە کردار و دەرەنجام و دەرکەوتەکانی چەند دەستەواژەیەک لەخۆ دەگرێت، وەک: (ڕووبەڕووبوونەوە، کوشتن، داگیرکردن، قوربانیدان، خۆفیداکردن، خۆبەدەستەوەدان... تاد)، بەمەش ئەگەر هاتوو کەسێک لە دونیای ئاساییدا مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق جەنگە**" بەکاربهێنێت، مەبەستی واتایی چەمکی جەنگە لە تێڕوانینی باوی خەڵکیدا، کە ئەو واتایەی سەرەوەیە، بەوەی کە عەشق جەنگێکە تێیدا عاشق و مەعشووق جەنگاوەرن، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، زیاتر بە مەبەستی بەدەستهێنانی ویستێکی دونیایی، بۆ نموونە هاوسەرگری. زۆربەی جاریش مەعشووق لایەنی هێرش بەرە و خاوەن دەستهەڵات، لە بەرانبەردا عاشق دەسەڵاتی کەمە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی مەعشووقی نییە و زیاتر لایەنی بەرگرییکارە، هەروەها عاشق هەمیشە هەوڵی دەربازبوون لەم جەنگە دەدات و لۆمەی مەعشووق دەکات بەوەی ئەوی خستووەتە ئەو جەنگەوە و دەیەوێت زەرەری پێبگەیەنێت و لەناوی ببات. بۆیە عاشق بەردەوام هانا و پەنا بۆ هەموو جۆرە ڕێگەیەک دەبات بۆئەوەی لەم جەنگە دەربازی ببێت، ئەم جەنگە بووەستێنێت و خۆی بەدەستەوە بدات.

لە عیرفاندا چەمکی "**جەنگ**" بریتییە لە "تاقیکردنەوەیەکی خودای بە هەموو جۆرەکانی دەرد و بەڵا، بە شێوەی دیار و نادیار"(دانش پژوە، ١٣٩٤: ٢٧). واتە لە عیرفاندا خودا بەندەکانی تاقی دەکاتەوە، بە بەڵا، نسیبەت و دەردەسەری، بەشێوەی دیار و بە شێوەی نادیار، عارفان ئامادەیی دەردەبڕن لە بەرانبەر هەر تاقیکردنەوەیەکی خودایی، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنن، سەبر گرتن لەسەر تاقیکردنەوەکە بە ڕێگەی ڕزگاری و گەیشتن دەزانن، بۆیە لە عەشقی

عیرفانیدا کاتێک ئەم مێتافۆڕە چەمکییە بەکار دەبرێت مەبەست ئەوەیە، کە عاشق کەوتووەتە نێو تاقیکردنەوەی مەعشووق، مەعشووق ئەم جەنگەی هەڵکردووە بەوەی کە عاشق تاقی بکاتەوە، عاشقیش بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی مەعشووق بەدەستبهێنێت، دەبێت نەترسێت لەم جەنگە و خۆی بەدەستەوە نەدات، بەسەر نەهامەتی و ئاستەنگییەکانی جەنگەکەدا زاڵ بێت و فیداکاری بکات، هەروەها لە عیرفاندا عاشق خۆی ئەم جەنگە هەڵدەبژێرێت و خۆی دەخاتە نێو ئەم جەنگە، ئامادەکاری دەردەبڕێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک کە لەلایەن مەعشووقەکەیەوە بێت.

شاعیر وەک عارفێک ئەم مێتافۆڕە چەمکییەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، هاوشێوەی شیعر و غەزەلەکانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، کە خاوەن بوونیادێکی هزری عیرفانین، وشەی "کوشت و کوشتنم" بەکارهێناوە، مەبەست لەم وشەیە کوشتن و خەلاسی نەفسە لە گشت سیفاتە ڕەزیل، ناپەسند، دێوەزمەکان و خۆتەسلیمکردن، قوربانیدان بۆ گەیشتن بە ڕەزای زاتی حەق تەعالا، بەڵام ئەسڵی مەبەستەکە لە بەسەرهاتی پێغەمبەر ئیبراهیم و ئیسماعیل (ڕەزای خودایان لەسەر بێت) وەرگیراوە، کاتێک حەق تەعالا ئەمری کرد بە پێغەمبەر ئیبراهیم بە سەربڕینی جگەرگۆشەکەی کە پێغەمبەر ئیسماعیلە، دوای بە دڵ تەسلیمبوونی هەر دووکیان و هەوڵدانیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ڕزگاربوونیان دەرچوو و سەرکەوتووبوون لە تاقیکردنەوەکەی خودا. ئەمەش مانای تەسلیمبوون دەگەیەنێ بۆ ڕەزای حەق کە گەورەترین مەقامە مرۆڤ پێی بگات، صافیش کە ڕێبواری ئەم ڕێگەیەیە بەوپەڕی ڕازیبوون، تەسلیمبوون و فیداکاری خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ یارەکەی چ بە کوشتنی بێت یا بە نەکوشتنی، بە خەڵک

مرۆڤ لە نێوان ڕاو و عەشقدا هەیە، کە دواتر لە نەخشەکێشانێکدا ئەم پەیوەندی و هاوبەشە پێکهاتەییە دەخەینەڕوو.

چەمکی "**ڕاو**" لە تێڕوانینی باوی خەڵکدا بریتییە لە گرتن و کوشتنی باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاوکردن وەک چەک، تیروکەوان، داو، قولاب، تۆڕ،... تاد(سنجق، ٢٠٢٠)، لە ڕاوی ئاساییدا ڕاوکەر هەموو جۆرە پلان، شێواز، فێڵ و کەرستەیەک بەکاردەهێنێت بۆ کوشتن و گرتنی نێچیرەکەی، لە بەرانبەردا نێچیریش هەوڵدەدات کە هەر شێواز، فێڵ و ڕێگەیەک بگرێتەبەر بۆ دەربازبوون لە ڕاوکەر و بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی ڕاوکەرەوە و نەکوژرێت، بەمەش کاتێک لە دونیای ئاساییدا کەسێک مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕاوە**" بەکاردەهێنێت؛ مەبەستی هەمان ئەو ڕاوەیە کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، بەوەی کە لە عەشقدا زۆربەی جار عاشق دەکەوێتە تەڵە و فێڵی مەعشووق و ڕاودەکرێت، هەندێک جاریش عاشق ڕاوکەرەکەیە و مەعشووق نێچیرە، عاشق بۆ گرتن و ڕاوکردنی مەعشووقەکەی هەر جۆرە فێڵ، تەڵە، ڕێگە و شێوازێک بەکاردەهێنیت.

لە عیرفاندا هەر کەسێک کە دەبێتە عارف دەبێتە ڕاوکەر و مەعشووق دەبێتە نێچیرەکەی، تا ئەو کاتەی بە مەعشووقەکەی دەگات، بەڵام هەر ئەو کاتەی کە نێچیرەکەی ڕاوکرد، کەوتە بەرانبەر نێچیرەکەی، ئەوجا پڕۆسەکە وەردەگەڕێت و پێچەوانە دەبێتەوە، مەعشووق عاشق دەکاتە نێچیری خۆی و عاشق ڕاو دەکات(مباشری و کریمی، ١٣٩٤: ٣٦)، واتە لە عیرفاندا لەسەرەتادا عاشق ڕاوکەرە و مەعشووق نێچیرە، دواتر پێچەوانە دەبێتەوە، مەعشووق دەبێتە ڕاوکەر و عاشق دەبێتە نێچیر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە عاشق لەسەرەتادا بەو پەڕی باوڕبەخۆبوونەوە دەست دەنێتە پڕۆسەی عەشق کاتێک دەچێتە عومقی

پڕۆسەکە دەکەوێتە بەرانبەر مەعشووق کە حەق تەعالایە و خاوەنی مانا بەخشینە بە هەموو بوون، ئەوکات بێهێز و بێدەسەلاتی خۆی بۆ دەردەکەوێت لە بەرانبەر مەعشووقەکەی و چاوەڕێی سۆز و بەزەی ئەو دەکات، لە عیرفاندا کاتێک قۆناغی دووەمی ڕاو دەست پێدەکات، واتە کاتێک مەعشووق دەبێتە ڕاوکەر، عاشق لە عیرفاندا پەیڕەوی بنەمای خۆدۆڕاندن دەکات کە یەکێکە لە بنەماکانی عیرفان، لەم بنەمایەدا عاشق دەبێت ببێتە نێچیرێکی باش، بۆ ئەوەی ڕاوکەرە باشەکە ڕاوی بکات، واتە دەبێت عاشق پاک و سیفەت باشبێت بۆ ئەوەی مەعشووق ڕاوی بکات(مباشری و کریمی، ١٣٩٤: ٣٧). بەکارهێنانی ئەم مێتافۆڕە چەمکییە لە عیرفاندا بە هەمان ئەو واتایەیە کە عارف بۆ چەمکی ڕاو هەیەتی.

صافی لە بەکارهێنانی ئەم مێتافۆڕە چەمکییەدا، عەشقی بە هەر دوو قۆناغی ڕاو لە عیرفاندا وێناکردووە، شاعیر وەک هەر عارفێک لە سەرەتایی کەوتنە نێو پڕۆسەی عەشق و عاشقبوونی وەک ڕاوکەرێک هەنگاوی ناوە و لە هەوڵی گرتن و بەدەستهێنانی مەعشووقەکەیدا بووە، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی قۆناغی یەکەمی ڕاو لە عیرفاندا کە عاشق ڕاوکەرە و مەعشووق نێچیرە. دواتر کە شاعیر گەیشتووەتە عومقی پڕۆسەکە و کەوتووەتە بەرانبەر بە مەعشووقەکەی و دەسەلات و گەورەی مەعشووقەکەی بۆ بەدەرکەوتووە، بۆیە پڕۆسەی ڕاوکردنەکە پێچەوانە بووەتەوە و بێهێز و بێدەسەلات ماوەتەوە، شاعیر کە عاشقە بووە بە نێچێر و مەعشووق بووە بە ڕاوکەر، وەک ئەوەی لە دێڕە شیعری دووەمدا دەڵێت: دڵم کەوتووەتە نێو پلانی ڕاوی یار، ناتوانێت خۆی دەرباز بکات لە دەست ڕاوی یار، چونکە ئەم یارە ڕاوکەرێکی وایە کە ڕاوی سەت باڵندەی وا دەکات کە زۆر لە دڵی من

## ئەنجامەکان:

- لە نەخشەکێشانی مێتافۆڕە چەمکییەکانی "**عەشق جەنگە**" و "**عەشق ڕاوە**"، بواری ئامانج کە چەمکی "**عەشق**"ە بەپێی بواری سەرچاوە نەخشەکێشانەکەی دەگۆڕێت، واتە نەخشەکێشانی چەمکی عەشق بەپێی خواستی بواری سەرچاوەوە کە "**جەنگ**" و "**ڕاو**"ن دروست دەبێت.
- پێکهاتەی هەردوو مێتافۆڕە چەمکییەکە بە شێوەی ئاڕاستەی یەکەمن، کە لە بەشە تیۆرییەکە خستمانەڕوو، واتە مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق جەنگە**" و "**عەشق ڕاوە**" پێکهاتەکەیان بەم شێوەیە، بواری ئامانج کە عەشقە ئەبستراکتە واتە بوونێکی فیزیکی نییە، بواری سەرچاوە کە چەمکی "**جەنگ**" و "**ڕاو**"ن هەردووکیان بەرهەستن و بوونێکی فیزیکیان هەیە.
- چەمکی "**عەشق**" لە هەردوو مێتافۆڕە چەمکییەکە هەمیشە چەمکی ئامانجە، واتە هیچ کات نەبووە بە چەمکی سەرچاوە و بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە چەمکی "**جەنگ**" و "**ڕاو**" بناسێنرێن.
- شاعیر لەبەر ئەوەی عارفە و هزری خاوەن بوونیادێکی عیرفانییە، بۆیە ئەم دوو مێتافۆڕە چەمکییەی بە واتا و لە چوارچێوەی بوونیادی هزری عیرفانیدا بەکارهێناون، واتە هەردوو ئەو چەمکانە کە بوونەتە بواری سەرچاوە لە چوارچێوەی واتایی عیرفانی دان و بەکارهاتوون، دەکرێت بە ئاڕاستەی عیرفانی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.
- لە چوارچێوەی مێتافۆڕە چەمکییەکانی "**عەشق**"دا، مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق جەنگە**" لە هەرەباوەکان و زۆر بەکارهاتووەکانە، شاعیر (٣٥) جار ئەم مێتافۆڕە چەمکییەی بەکارهێناوە، لە بەرانبەردا شاعیر کەمتر مێتافۆڕی چەمکی "**عەشق ڕاوە**"ی بەکارهێناوە، کە (٦)جارە.

- Lakoff، George and Johnson، Mark (١٩٨٠)، Metaphors We live By. Chicago: The University of Chicago press.
- Lakoff، George and Johnson، Mark (٢٠٠٣)، Metaphors We live By. Chicago and london: The University of Chicago press.

**Abstract**

"**War**" and "**Hunting**" as the Inspiration of Mysitc Love in Safi's Poetry with Reference to Conceptual Metaphor

Love is a common theme found in Safi's peom collections. This might be due to the fact that love is the basics for the development of mystic intellectualism. Thus، like any other poet، Safi has strived to explore on love using his mystic intellect. However، being an abstract concept has prevented Safi from identifying the concept of "Love" as itself. Therefore، the poet has attempted to manifest it through other concpets such as "Conceptual Metaphor". Both of the concepts of "War" and "Love" are implied as source concepts to represent the target، which is "Love". Hence، the adopted theory in this study is The conceptual Theory، which is considered as a new theory proposed by George Lakoff and Martin Jonson in ١٩٨٠. This theory developed a new mindset about the representation of conceptual metaphor by focusing on the idnetification of source concept to represent target concept. Further، this study investigates the conpects of "Love is War" and "Love is Hunting" by providing examples from his poetic verses. Also، it tries to uncover these conceptual metaphors through mapping between source and target concepts، so that a better understanding of his poetry can be achieved.
**Keywords:** Conceptual Metaphor، Love، War، Hunting، Safi's Poetry، Mapping

